# کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر گۆڕانی کەشووهەوا و ستراتیژیەکانی کارکردن

بەروار: ٢٥ی ٤ی ٢٠٢٤

کات: کاتژمێر ٩:٠٠ بەیانی - ١:٠٠ پاشنیوەڕۆ

شوێن: هۆتێل هەولێر ئینتەرناشناڵ، هەولێر

**پوختەی کۆبوونەوەکە:**

ئەم کۆبوونەوەیە کە لەلایەن پارێزەرانی ئاوی عێراقەوە میوانداری کرا، ئامانجی کۆبوونەوەکە ڕووبەڕووبوونەوە ودانانی پلانی ستراتیژی بوو لە بەرامبەر ئەو ئاستەنگە ژینگەییانەی کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراق و هەرێمی کوردستان دروست بوون. ئەم چالاکییە بە سەرکەوتوویی کۆمەڵەیەکی هەمەچەشنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆکردەوە کە بریتی بوون لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەرپرسانی حکومەت، پسپۆڕانی ژینگە، و چالاکوانان. ئەم گفتوگۆیانە بوونە هۆی پابەندبوونێکی هاوبەش بە پەرەپێدانی ستراتیژی و پلان بۆ بەهێزکردنی بەرپرسیارێتی ژینگەیی و هەوڵە هاوبەشەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشووهەوا لە سەرانسەری ناوچەکەدا.

**دەرئەنجامەکانی کۆبوونەوەکە:**

1. تێگەیشتنێکی گشتگیر لە ئاستەنگە ژینگەییەکان کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی دەبینەوە.
2. کۆدەنگی لەسەر پێویستی بەهێزکردنی پەیوەندیەکان و هاوکاریکردن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی ژینگە.
3. داڕشتنی پلانی کارکردنی فرەلایەنە بە ئامانجی چارەسەرکردنی هەردوو کێشە دەستبەجێ و درێژخایەنەکانی ژینگە.





**Partners: Waterkeepers Iraq Organization, Internews, Nirij Network, Sama Al-Ebtikar Foundation**

## 1. پێشەکی:

گفتوگۆی گۆڕانی کەشوهەوا و ستراتیژییەکانی کارکردن کە لەلایەن پارێزەرانی ئاوی عێراقەوە ڕێکخرابوو، هەوڵێکی هاوبەش بوو بۆ چارەسەرکردنی ئالنگارییە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستان و لە ٢٥ی ٤ی ٢٠٢٤ لە هۆتێلی نێودەوڵەتی هەولێر بەڕێوەچوو. گرووپێکی هەمەچەشن لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بانگهێشت کرابوون و لە ناویاندا نوێنەری ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دامەزراوەکانی حکومەت، پسپۆڕانی ژینگە و چالاکوانان. ئامانج لە کۆبوونەوەکە دروستکردنی گفتوگۆی بنیاتنەر بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە ئاڵۆزە ژینگەییانەی کە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە بەرەو خراپتر دەچن. لە گفتوگۆکەدا بەشداربووان بیرۆکەکانیان ئاڵوگۆڕکرد و ئەزموونی پراکتیکی خۆیان و تێڕوانین و پێشنیارەکانیان هاوبەش کرد بۆ پەرەپێدانی ستراتیژی کاریگەر بۆ بەهێزکردنی بەرپرسیارێتی ژینگەیی و هاندانی چارەسەری بەردەوام لە سەرانسەری ناوچەکەدا. کۆبوونەوەکە بە کورتەیەکی گشتی دەربارەی پرۆژەی ڕۆژنامەگەری ژینگەیی لە عێراق و هاوبەشی لەگەڵ ئینتەرنیوز دەستپێکرد و تیشکخرایە سەر ئەو چالاکییانەی کە لە ماوەی پرۆژەکەدا جێبەجێکراون، وەکو کۆبوونەوەی ٤ی ئازاری ٢٠٢٣ سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان لە دەربەندیخان و کۆبوونەوەی ١٥ی تەمموزی ٢٠٢٣ سەبارەت بە کێشە ژینگەییەکان لە پاڵاوگەکانی نەوت لە عەربەت و هەروەها ڕاهێنانی ٢٠ ڕۆژنامەنووس لەسەر چۆنیەتی ڕووماڵکردنی چیرۆکە ژینگەییەکان بە زانیاری ڕاست و دروست. لە کاتێکدا نیگەرانییەکانی ژینگە زیادبیان کردووە و پێویستیی بەپەلە هەیە بۆ کاری هاوبەش، گفتوگۆکە سەکۆیەکی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دابینکرد بۆ پێکەوە کارکردن و دروستکردنی هاوبەشی و چارەسەری بەکۆمەڵ بۆ ئەو ئالنگارییە ژینگەییانەی کە ڕووبەڕووی ناوچەکە بوونەتەوە.

## 2. کێشەکان:

پریزێنتەیشنێک لەسەر دۆخی ئێستای ژینگەی کوردستان

دانیشتنەکە بە پریزێنتەیشنێکی ورد لەلایەن پارێزەرانی ئاوی عێراقەوە دەستپێکرد کە تیایدا وردەکاری ئالنگارییە ژینگەییەکانی ئێستای کوردستان خرانەڕوو و تیشک خرایە سەر پرسە سەرەکییەکانی وەک کەمی ئاو و پیسبوون بەهۆی بەرهەمە پیشەسازییەکان و کەموکورتییەکانی بەڕێوەبردنی پاشماوە. گفتوگۆکان زیاتر قووڵ بوونەوە لە کاریگەری ناڕاستەوخۆی ئەم فشارە ژینگەییانە لەسەر ئیکۆسیستەم و کۆمەڵگاکانی ناوچەکە. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا هەڵسەنگاندن کرا بۆ دەستپێشخەرییەکانی کەشوهەوا کە دوای (COP28)جێبەجێکراون، جەختکرایەوە لەسەر پێویستیی لێکۆڵینەوەی زیاتر و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانیان. هەروەها بەشداربووان نیگەرانی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە نەبوونی پەیوەندی و هاوکاری کاریگەر لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی ژینگە، لەوانەش دامەزراوە حکومییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان، ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان. جگە لەوەش، تیشک خرایە سەر نیگەرانییە زیادەکانی وەک زیادەڕۆیی لە ماسیگرتن و کاریگەرییە نەرێنییەکانی شارنشینی لەسەر جۆراوجۆری زیندەوەران. ئەم کەمیی پەیوەندییە ڕێگری لە ئاڵوگۆڕی زانیارییە گرنگەکان دەکات و ڕێگری دەکات لە هەوڵە هەماهەنگەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسە ژینگەییە زەقەکان بە شێوەیەکی کاریگەر. کۆبوونەوەکە زەمینەیەکی باشی بۆ گفتوگۆیەکی فراوانتر ڕەخساند و هانی بەشداربووانی دا بۆ هاوبەشی پێکردنی تێڕوانین و ئالنگاری تایبەت بە ناوچەکانیان بە ئامانجی پەرەپێدانی هاوکاری و کردارێکی زیاتر.

**پرسە سەرەکییەکان و ئەولەویەتەکان**

1. ئالنگاری بیرۆکراتی: بەشداربووانی وەک هانا ئەحمەد ڕەزا، سەرۆکی ڕێکخراوی پڵنگانی بێسنوور بە وردی باسیان لەوە کرد کە چۆن بەربەستە بیرۆکراتیەکان ڕێگری لە کارەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکەن، بەتایبەتی کاتێک هەوڵی چوونە ناو ئەو ناوچانە دەدەن کە مەرجی توندی ئەمنییان هەیە.
2. پێویستی سەرچاوە و ڕاهێنان: ئارام حەربی سەعدەلە لە ڕێکخراوی یەک درەخت تیشکی خستە سەر پێویستییەکی زۆر بە سەرچاوە و ڕاهێنان بۆ پاڵپشتیکردنی گروپە ژینگەپارێزە تازەپێگەیشتووەکانی دهۆک و جەختی کردە سەر ئەو ئالنگارییانە کە بەهۆی پێشێلکارییەکانی ژینگە و جێبەجێنەکردنی یاساوە دروست دەبن.
3. بەردەوامیی بودجە: هەژار عەبدوڵڵا، ئەندام لە ڕێکخراوی ژینگەدۆستی باسی لە سەختی بەردەوامبوونی پڕۆژەکان کرد دوای تەواوبوونی بودجەی سەرەتایی. لە هەمان کاتدا، نامۆ مەجید لە ڕێکخراوی ئیرۆ ئاماژەی بە کێشەکانی ئیرەیی و ڕکابەریی کرد کە کاریگەرییان لەسەر هەوڵە هاوبەشەکان و بەدەستخستنی بودجە بۆ پرۆژەکان هەیە.
4. پشتیوانی نەکردنی چالاکوانان: بەهێز فاروق عەلی، ڕێکخەری پرۆژە و سەلام ڕەمەزان حسێن، ئەندام لە ڕێکخراوی پڵنگانی بێسنوور باسیان لە پشتیوانی نەکردنی ئەو چالاکوانانە کرد کە ڕووبەڕووی هەڕەشەی کەسایەتییە کاریگەرەکان دەبنەوە کە تێوەگلاون لە چالاکی نایاساییدا.
5. کەموکوڕییە تەکنەلۆژییەکان: شاگول ئەبوبەکر عەلی، توێژەر لە تۆڕی زەوی تیشکی خستە سەر ژمارەی بەرچاوی کەلێن لە بەردەستبوونی ئامرازە تەکنەلۆژییە گرنگەکان بۆ توێژینەوەی ژینگەیی کاریگەر.

6. بەشداریکردن و پشتگیری حکومەت: موهەنەد ئەیوب، سەرۆکی بەشی گۆڕانی کەشوهەوا لە دەستەی ژینگە تیشکی خستە سەر نەبوونی بەشداری چالاکانەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ناردنی پرۆپۆزەل بۆ بودجەی حکومەت کە بە ئاسانی بەردەستە.
7. بەڕێوەبردنی پاشماوە و بەشداریکردنی گشتی: نما نادیم خانی دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی نما خانی ئاماژەی دا بە ئاستەنگەکانی بەڕێوەبردنی پاشماوەی شارەکان بەتایبەت لە ناوچە گەشتیارییەکان و پێویستیی هەڵمەتی پاککردنەوەی بە کۆمەڵی زیاتر.
8. هۆشیاریی یاسایی و جێبەجێکردنی: هیوا ڕەشید عەلی، توێژەر لە زانکۆی گەرمیان جەختی کردەوە لەسەر پێویستیی هۆشیاری زیاتر و جێبەجێکردنی یاسا ژینگەییەکان لەناو کۆمەڵگا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان.
9. سنووردارکردنی دەسەڵاتی ڕێکخستن: ئەحمەد محمد، بەڕێوبەری ئۆفیس لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی کوردستان باسی لە سنووورداری دەسەڵاتی دەستەکەی کرد، کە توانای دەستەکە بۆ جێبەجێکردنی ڕێساکانی ژینگە بە شێوەیەکی کاریگەر سنووردار دەکات.

**10.** *Cop28*: لە میانی گفتوگۆکەدا، گرنگییەکی باش درا بە دەستپێشخەرییەکانی کەشوهەوا کە مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە *COP28* لە ئیمارات ئاماژەی پێکردبوون. دەستپێشخەرییەکان وەک بابەتێکی سەرەکی گفتوگۆکە بوون، کە تیشکی خستە سەر هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی نیگەرانییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. بەڵام لەلایەن بەشداربووانەوە نیگەرانییەکی بەرچاو باسکرا، لەوانەش نەبینینی ئەنجام و بەدواداچوون و داتای بەردەست سەبارەت بەم دەستپێشخەرییانە. ئەم کەمیی زانیارییە ڕێگری لە توانای ڕێکخراوە ناحکومییەکان و لایەنەکانی دیکە کردووە بۆ بەکارهێنانی کاریگەرانەی دەستپێشخەرییەکان لە ڕاپۆرت و پرۆژەکانی داهاتوویاندا. نەبوونی داتای شەفاف و ڕاپۆرتی پێشکەوتنەکان ئاستەنگی دروستکردووە لە هەڵسەنگاندنی کاریگەری دەستپێشخەرییەکانی کەشوهەوای *COP28* ئیمارات، ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستیی زیادکردنی شەفافیەت و هاوکاری نێوان دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بەشداربووان جەختیان لەسەر گرنگی دامەزراندنی میکانیزم کردەوە بۆ پەیوەندی شەفاف و هاوبەشکردنی داتا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەستپێشخەرییەکانی کەشوهەوا بە شێوەیەکی کاریگەر چاودێری دەکرێن و هەڵدەسەنگێندرێن و بەکاردەهێنرێن بۆ هاندانی کاری ژینگەیی مانادار لە ناوچەکە.

### 3. *پلانی کارکردن:*

ئەو پلانی کارکردنەی لە کاتی گفتوگۆکەدا دانرا، ستراتیژی تایبەت و ماوەی خەمڵێنراوی جێبەجێکردن لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە بەشدارن:

1. پەرەپێدانی پلاتفۆرمێکی ئۆنلاین: لە ماوەی 6 مانگی داهاتوودا.

ئەو لایەنانەی کە بەشدارن: پارێزەرانی ئاوی عێراق، بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆییەکان، میدیا، توێژەران، ڕۆژنامەنووسان، چالاکوانان.

1.1. پلاتفۆرمێکی ئۆنلاین لەلایەن تیمێکی پسپۆڕ لە ناو ڕێکخراوی پارێزەرانی ئاوی عێراق دیزاین دەکرێت، بە هاوکاری هاوبەشە تەکنیکییەکان ئەگەر پێویست بکات. پرۆسەی دەستپێکردنەکە تاقیکردنەوە و چاکسازی بەرفراوان لەخۆدەگرێت بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنان و کارایییەکەی. هەروەها داوای پشتگیری لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت دەکرێت بۆ پێشکەشکردنی زانیاری و پشتیوانی پلاتفۆرمەکە و بەشداریکردنی سەرچاوە و هاوکاری بۆ جێبەجێکردنی.

1.2. دروستکردنی ئامرازێک بۆ پێکەوەکارکردن لە پرۆژەکان و هاوبەشکردنی سەرچاوە و داتا و چالاکی.

2. بەشداریکردنی زیاتری کۆمەڵگا و شەفافیەتی حکومەت: لە ماوەی 12 مانگی داهاتوودا.

ئەو لایەنانەی کە بەشدارن: دامەزراوە حکومییە ناوخۆییەکان، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییە ژینگەییەکان

2.1. ڕێکخستنی وۆرک شۆپ و کۆڕبەندی بۆ بەشداریکردنی دەنگی کۆمەڵگا لە بڕیاردانی ژینگەیی.

2.2. پەرەپێدانی پرۆتوکۆڵی شەفافیەت بۆ حوکمڕانی ژینگەیی، لەوانەش بەدەستخستنی داتا ژینگەییەکان و پرۆسەکانی بڕیاردان.

3. نەخشەسازی لایەنە پەیوەندیدارەکان: لە ماوەی 3 مانگی داهاتوودا.

ئەو لایەنانەی کە بەشدارن: پارێزەرانی ئاوی عێراق، هەموو ڕێکخراوە ناحکومییە بەشداربووەکان، دامەزراوەکانی توێژینەوە

3.1. دامەزراندنی تۆڕێک کە لەلایەن پلاتفۆرمی ئۆنلاینەوە پشتگیری دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی هەماهەنگی لە نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

3.2. دروستکردنی نەخشەیەکی گشتگیر بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دیاریکردنی ڕۆڵ، سەرچاوە و بوارەکانی شارەزایی بۆ هاوکاری باشتر و تەرخانکردنی سەرچاوە.

4. دەستپێشخەری پشتگیری خۆبەخشی و بەشداریکردنی میدیا.

ئەو لایەنانەی کە بەشدارن: ڕێکخراوی یەک دار، ڕێکخراوی ئاڤیار، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی

4.1. جێگیرکردنی خۆبەخشانی ڕێکخراوی یەک دار بۆ پشتگیریکردنی چالاکییە ژینگەییەکان لە شاری دهۆک.

4.2. دەستپێکردنی زنجیرەیەک پەخشی ڕادیۆیی و هەڵمەتی ڕاگەیاندن لەگەڵ کاک ئاسۆ لە ڕێکخراوی ئاڤیار بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان.

5. کۆبوونەوە ئاساییەکانی هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان: دەستبەجێ تا بەردەوام.

ئەو لایەنانەی کە بەشدارن: پارێزەرانی ئاوی عێراق، بەشداربووانی کۆبوونەوەکان.

5.1. پارێزەرانی ئاو ی عێراق قۆناغی ئامادەکاری دەست پێدەکەن بە دانانی خشتە و ڕێکخستنی کۆبوونەوە دوو مانگ جارێک. ئەمەش دانانی بەرواری کۆبوونەوەکان و ئامادەکردنی کارنامە و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە بەشداربووەکان لەخۆدەگرێت بۆ دڵنیابوون لە بەردەستبوون و بەشداریکردنیان.

5.2. لە میانی کۆبوونەوەکاندا، پارێزەرانی ئاوی عێراق هەلی گفتوگۆ دەڕەخسێنن و نوێترین زانیارییەکان سەبارەت بە پێشکەوتنی پلانی کارکردن پێشکەش دەکەن. لایەنە بەشداربووەکان زانیارییە نوێیەکانی دەستپێشخەرییەکانیان هاوبەشی پێ دەکەن و باس لە ئالنگارییەکان دەکەن و ستراتیژ لەسەر هەوڵە هاوبەشەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان لە هەرێمی کوردستان دادەڕێژن.

4. ***دەرئەنجام***:

کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر بەپەلەیی چارەسەرکردنی ئالنگارییە ژینگەییەکان و پێویستیی ڕێگەچارەیەکی هاوبەش کردەوە. ئاڵوگۆڕی گشتگیری بیرۆکە و ستراتیژییەکان تیشکی خستە سەر پابەندبوونی هەموو بەشداربووان بۆ باشترکردنی بەرپرسیارێتی و بارودۆخی ژینگەیی لە ناوچەکەدا.

هەنگاوەکانی داهاتوو و تێبینی کۆتایی

بەشداربووان کۆک بوون لەسەر گرنگی بەشداریکردنی بەردەوام و پێکەوەکارکردن و هەروەها لەسەر کۆبوونەوەکانی دواتر بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی چالاکی و پلانەکانی داهاتوو، بە تایبەت لە ئامادەکارییەکان بۆ COP29.

پارێزەرانی ئاوی عێراق دەست دەکەن بە جێبەجێکردنی خاڵەکانی پلانی کارکردن بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. پەرەپێدانی پلاتفۆرمێکی هاوکاری ئۆنلاین: پارێزەرانی ئاوی عێراق دیزاین و دەستپێکردنی پلاتفۆرمەکە بەڕێوەدەبەن، گەر پێویست بکات هاوکاری لەگەڵ هاوبەشە تەکنیکیەکان دەکات و داوای پشتیوانی لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت دەکات. تایبەتمەندیەکانی هاوکاری پڕۆژە، هاوبەشی پێکردنی سەرچاوە، و بەشداریکردنی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکرێن.
2. بەرزکردنەوەی بەشداریکردنی کۆمەڵگا و شەفافیەتی حکومەت: وۆرک شۆپ و کۆڕبەند ڕێکدەخرێن بۆ بەشداریکردنی دەنگی کۆمەڵگا، لە کاتێکدا پرۆتۆکۆڵەکانی شەفافیەت بە هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، و ڕێکخراوە ناحکومییە ژینگەییەکان پەرەپێدەدرێن.
3. تۆڕی نێتوۆرکینگ و نەخشەی لایەنە پەیوەندیدارەکان: پارێزەرانی ئاوی عێراق تۆڕێک دادەمەزرێنێت و نەخشەیەکی گشتگیر بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دروست دەکات بۆ زیادکردنی هاوکاری و تەرخانکردنی سەرچاوە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە ژینگەییەکان.
4. دەستپێشخەری پشتگیری خۆبەخشی و بەشداریکردنی میدیا: بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یەک درەخت، ڕێکخراوی ئاڤیار، و دەزگا ڕاگەیاندنە ناوخۆکان ، پارێزەرانی ئاوی عێراق خۆبەخش دروست دەکات و هەڵمەتی میدیایی دەستپێدەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتییان سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان.

5. کۆبوونەوەی بەردەوامی هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان: پارێزەرانی ئاوی عێراق دوو مانگ جارێک کۆبوونەوە ڕێکدەخات بۆ ڕەخساندنی هاوکاری و پێکەوە کارکردنی بەردەوام، هاوبەشی پێکردنی زانیاری، و بەدواداچوونی پێشکەوتن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان و دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی پلانی کارکردن.

### 5. سوپاس و پێزانین

سوپاسێکی دڵسۆزانە ئاراستەی هەموو بەشداربووان دەکەین بۆ بەشدارییە پربەهاکەیان و بۆ ڕێکخەران بۆ ڕێکخستنی گفتوگۆیەکی بەرهەمدار. ئەو تێڕوانین و پابەندبوونانەی کە باسکرابوون زۆر گرنگن بۆ پێشخستنی کارنامەی ژینگەیی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

**بەشداربووان:**

شاگول ئەبوبەکر عەلی، ئارام حەربی سەعدوڵڵا، گەشبین ئیدریس عەلی، هەژار عەبدوڵڵا، هیشام زەکی، سەنان عەبدوڵڵا، ئەحمەد محمد، موهەنەد ئەیوب، هانا ئەحمەد ڕەزا، بەهێز فاروق عەلی، هیوا ڕەشید عەلی، سەروان حەسەن، نما نازم، ئاسۆ شکاک، پەرێز موحسین دزەیی، نامۆ مەجید، سەلام ڕەمەزان حسێن، بنوار ڕزگار، باوان عومەر.

**ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە**

ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە بەشداریکردنە لە پێشنیاری بنیاتنەر و چارەسەر بۆ ئاستەنگە ژینگەییەکان لە ناوچەی کوردستانی عێراق. مەبەست لێی ڕەخنەگرتن یان تاوانبارکردنی هیچ لایەنێک نییە بەڵکو پەرەپێدانی هاوکارییە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بۆ باشترکردنی دۆخی ژینگە لە کوردستاندا. ئێمە هانی گفتوگۆی کراوە و هاوکاری و هاوبەشی دەدەین بە ئامانجی ئەوەی لە داهاتوودا ببێ بە کردەیەکی ئەرێنی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری، و دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی بەردەوام بۆ سامانە سروشتییەکان و پێکهاتەکانی ناوچەکە.

ئامادەکردنی بنوار ڕزگار عبدالرحمن، بەڕێوەبەری پرۆژە.

پێداچوونەوەی لەلایەن باوەن عمر ساڵح، ڕێکخەری پرۆژە.

پەسەندکراوە لەلایەن نەبیل ئیبراهیم موسا بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوی پارێزەرانی ئاوی عێراق.

Waterkeepers Iraq Organization — رێکخراوی پارێزەرانی ئاوی عێراق — منظمة المحافظين على المياه العراق — WIO